# دەستەویەخە لەگەڵ مەرگ، یادی شەهیدێکی لەبیرکراو

کاوە ئەمین

ساڵانی هەشتاکان، لەو ساڵانەن کە لە مێژووی کورد دا، جەرگبڕ و پڕکارەساتن. ئەنفال، ڕاگوێزانی هەزاران گوند و سەرنگومکردنی هەشت هەزار بارزانی و دەیان کارەساتی تر، کە بوونە پەڵەیەکی ڕەش بە مێژووی مرۆڤایەتییەوە، لە هەشتاکاندا ڕوویانـدا. گەلی کورد بۆ پاراستنی ناسنامەی خۆی چاکترین ڕۆڵەکانی خۆی کردە قوربانی، گەلێگ داستانی قارەمانانە تۆمارکران، کە پێویستە بەبیربهێنرێنەوە. لەم نووسینە کورتەدا وەکو وەفایەک بۆ شەهیدێک لەو شەهیدانەی کە گیانیان بەختکرد، ئەم چەند دێڕە دەنووسم ،ئەویش شەهید دانا ناسراو بە شۆڕش. ئەم بەسەرهاتە ئەگەرچی وەکو چیرۆکێک وایە بەڵام داستانێکە و لە مێشکی دەیان شایەتی زیندودا، تا ئێستاش دەزرنگێتەوە.

ئێوارەی 1983/10/3 شەهیدان ساڵح و دانا و شوانە( شوانە لە ڕیزی بزووتنەوەی ئیسلامیدا شەهیدبوو)، و شاهۆی برای کاک ساڵح کە (ئێستا لە ئاسایشی هەولێر کاردەکات)، هەمویان سەر بە ڕێکخراوە نهێنیەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان بوون لە ناو شاری سلێمانیدا، بۆ ئەنجامدانی چالاکییەک و گەیاندنی دەنگی شۆڕش بە خەڵک، پاش نووسینی دروشمەکانی شۆڕش و بڵاوکردنەوەی وێنەی شەهیدان بە بەرفراوانی، لە گەڕەکی سابوونکەران دەکەونە کەمینێکی ئەمن و پۆلیسی ڕژێمی گۆڕبەگۆڕەوە. دوای ئەوەی کە لە سەیارەکەیان دایاندەبەزێنن، دانا کە دەمانچەیەکی لە باخەڵدا دەبێت، هەتا دەتوانێت دەکێشێت بەدەمی ئەو زابتەی کە دەیانپشکنێ و بەرەو کۆڵانی قەزازەکان ڕادەکات. سیخوڕانی ڕژێم دەسترێژی لێدەکەن و بە سەختی برینداری دەکەن، بەڵام دانا وەکو بازێکی بریندار خۆی دەرباس دەکات و خۆی دەکات بە حەوشەی ماڵی وڵاتپارێزێکی کورد، نەدید و نەناسراو. ئەو ماڵەش ئەوەی لەدەستیان دێت بۆی دەکەن و ئەو شەوە داڵدەی دەدەن. پاش ئەوەی پەیوەندی بە ماڵی داناوە دەکەن، لەو ماڵەدا ئەو شەوە بەدەم ئازارەوە دەتلێتەوە، ڕۆژی دوای دەیگوێزنەوە بۆ ماڵی کاک حەمە ڕەشید کە مای شەهید دانا بوو. کاک ساڵح و شوانە و شاهۆ دەکەونە بەر شاڵاوی ئەشکەنجە و لێدانی دامودەزگا سەرکوتکەرەکانی بەعس، بەڵام ئەوان هەموویان سوردەبن لەسەر ئەوەی کە ئەو هەڤاڵەیان "سەربازی فیراره بووە، بۆیە ڕای کردووە".ئەم تاکتیکەی هەڤاڵانی دانا سەردەگرێت، بۆیە کاک ساڵح بەومەرجەی کە بگەڕێتەوە و دانا لەگەڵ خۆی بێنێتەوە بەردەدەن.

باشم لەبیرە، ئێوارەی 5 لەسەر 6 ی 10، کاک کامەرانی برام کە دنیایەک خەم لە دەموچاویدا دەبینرا، ڕوی کردە دایکم و پێی وت کە ئێمشەو هەڤاڵێکمان بەبرینداری دەبێتە میوانمان و هیچ چارەیەکمان نییە، ئەگەرچی کارێکی وا دەکرا ببوایەتە هۆی ڕوخانی نەک ماڵێک بەڵکو گەڕەکێکیش، بەڵام دایکم وەک هەمیشە و بێ هیچ دوو دڵییەک ڕەزامەندی خۆی نیشان دا.

دەمەو ئێوارە کە تازە خۆر بارگەوبنەی خۆی پێچابووەوە و دوا تیشکە کزەکانی خۆی لە شار پاشەکشە پێدەکرد، وەکو ئەوەی شانسمان هەبێت ئەو ئێوارەیە ژنانی گەڕەک کە کربوویانە خو ، هەر جارەی لە بەردەمی دەرگایەک کۆدەبوونەوە، ئەو ئێوارەیە گەڕەک کش و مات بوو. سەیارەیەکی خسوسی ڕەنگ سوور، لە بەردەمی حەوشەکەماندا وەستا، دانایان خستبووە سەر بەتانیەک و بە چوار کەس هەریەک سوچێکی بەتانییەکەمان گرت و یەکسەر بۆ ئەو ژوورە بچکۆلانەیەی سەربان، کە شوێنی سەعیکردنی ئێمە بوو. لەسەر دۆشەکێک ڕامانکێشا، بە هێواشی ناڵە ناڵێکی لێوە دەهات کە نیاشنەی ئەوە بوو کە هێشتا لە ژیاندایە و جارجارێکیش چاوێکی هەڵدەبڕی و سەیری دەوروبەرەکەی دەکرد، بە تایبەتی دایکی دانا کە زۆر بەجەرگانە لە پشت سەریەوە دانیشتبوو، فرمێسک بە ڕومەتەکانیدا دەهاتە خوارەوە. چەند هاوڕێیەکی دانا، لە نێویاندا شەهید ئامانج (ئامانجە ڕەش) کە ئەویش پاشان لەلایەن ڕژێمەوە لەسێدارە درا، بەنۆرە لەسەر جادەی سی مەتریەکە، کە چەند شەقاوێک لە ماڵی ئێمەوە دووربوو، ئێشکیان دەگرت و جار جارێکیش دەهاتنەوە بۆ سەردانی دانا. کاکە دانا خوێنێکی زۆری لەبەر ڕۆیشتبوو و هێندەی تر وشک هەڵگەڕابوو، ئەمە جگەلەوەی کە توشی خوێن لەبەرڕۆشتنی ناوسک بوو بوو. مەرگ دەستی لە گەرووی دانا گیرکردبوو، ئەو خەڵکەی کە لەدەوربەریشی بوون بێدەسەڵاتانە، تەنها لەوەی کە بەسیمای خەماویانەوە لە دانای بگەیەنن کە چەند خۆشیان دەوێت و ئامادەن ژیانی خۆیانیانی بۆ بکەنە قوربانی، جگە لەوە دەتوانرا چی بکرێت ؟لە شارێکدا کە لەلایەن داگیرکەرەوە گەمارۆدراوە و هەموو شوێنێک لە ژێر کۆنترۆڵی توندی پیاوانی ڕژێمدایە.

کاک کامەران کە گەلێگ جار ڕۆحی خۆی و ئێمەشی خستبووە سەر لەپی دەستی، نەیدەتوانی چیتر گوێ لە ناڵەی دانا بگرێت و فرمێسک هەڵڕشتن دادی دانا و ئێمەشی نەدەدا. بە ناچاری ڕووی کرد بووە ماڵی برین پێچێک، پیاوێکی نیشتیمان پەروەر بەڵام زۆر موحافەزەکار، بەرپرسی نەخۆشخانەی گەڕەکی ئازادی بوو، لای هەموان بە دوکتۆر حسێن دەناسرا. کاک دوکتۆر حسێن، تا لە سەدا

سەد دڵنیا نەبوایە گرێی دڵی خۆی بۆ کەس نەدەکردەوە، بەڵام لە دڵی خۆیدا تا سەرئێسقان پارتی یانیش چاکتر بڵێم مەلایی بوو. مستەفا بارزانی پەرستێکی خالس بوو. دوای ئەوەی کە کاک کامەران هاتەوە و بە هاوڕێکانی وت کەدەبێت هەموتان بڕۆنە دەرەوە، چونکە ئەو دوکتۆر حسێن نەیدەویست جگە لە ماڵی خۆمان کە دەمان ناسی کەسێکی تر ببینێت. دوکتۆر بە بیجامەیەک و جانتایەکەوە خۆی گەیاندە ژووری سەربان، لە دەموچاویدا دنیایەک ترس دەبینرا. بەبێ ئەوەی دایکی دانا گوێی لێبێ بە کاک کامەرانی وت: کاکە ئەم کوڕە لێبووەتەوە، توشی نەزیفی داخلی بووە، ڕەنگە تا چەند سەعاتێکی تر بژی، بەڵام من لەبەر خاتری تۆ هەچیکەم لەدەست بێت دەیکەم.

دایکی دانا بە فرمێسکەکانیی کە لەچاویەوە ڕێچکەیان بەستبوو ڕوی کردە دوکتۆر و وتی: بە قوربانت بم دوکتۆر کوڕەکەم! ئەو پاڕانەوەیەی دایکی دانا، بەردی دەکرد بە ئاو. دوکتۆر پاش کەمێک دیسان گەڕایەوە، هەندێک لەفافی لە گەڵ خۆی هێنابوو و تەشتێک و مقەستێک و کۆمەڵەیێک داودەرمان. شەو درەنگی کردبوو، ترس و تاریکای شەو سێبەری بەسەر شاردا کێشابوو. زۆربەی خەڵک لە خەودابوون، تەنها سیخوڕەکانی ڕژێم نەبێت کە کردبوویانە پیشەیان بە خۆیان و پیکاپەکانیانەوە وەک دڕندەیەکی برسی چاودێری شاریان دەکرد. ماڵەکەمان تەنها دانا و دایکی و ئەندامانی ماڵەکەمان و دوکتۆرکەی لێمابوو. هاوڕێکانی دانا بۆ ئەوەی کەس شکی ئەوە نەکات کە لەماڵەکەماندا پێشمەرگەیەک بە برینداری لەگەڵ مەرگدا یاری دەکات، هەریەکە بەرەو ماڵی خۆیان کشانەوە. دانا لەگەڵ ئەو هەموو هاوکارییە ئەو دوکتۆرە بەڕێزەدا، نەیتوانی چیتر بەربەرەکانێی مەرگ بکات، بۆ دواجار بە دایکیدا هەڵڕوانی و ڕۆحی پیرۆزی لەشەقەی باڵی دا، بۆ دنیایەکی تر تا ئاسمانە پان وبەرینەکەی کوردستاندا وەکو هەزارن شەهیدی تر لە شوێنێکدا ئۆقرە بگرێت. دانا لە پاش خۆی دنیایەک سەروەری و خەم و خەفەتێکی زۆری بۆ دایکی بەتایبەتی و هاوڕێکانی بەگشتی، بۆ ئێمە کە تا چەند ساڵێک دوای ئەوەش وێنە و ناڵەناڵی دانا لە گوێماندا دەزرنگایەوە، بەجێهێشت. لێرەدا دەبێت بە ڕێزەوە، هاوکاری کاک (عەلی حاجی حەمل)ی دراوسێمان، کە ئێمە وەکو مامێکی خۆمان سەیرمان دەکرد، بەیاد بهێنمەوە. کاک عەلی ئەوە جاری یەکەم نەبوو کە چالاکانە بەشداری و هاوکاری شۆڕشی دەکرد، چەند جارێک دوای ئەوەش لە ماڵی خۆیاندا، مەفرەزەی پێشمەرگەی داڵدە دەدا و سەر و ماڵی خۆی دەخستە خەتەرەوە. لە هاوینی ئەمساڵ کە بەدیداری شادبوومەوە، بۆی گێڕامەوە کە دوای ڕاپەڕین بۆ کارێک دەچێتە لای یەککێک لەوانەی کە لە ماڵی خۆیدا لەو سەردەمەدا شاردبوونییەوە و ئێستا بەرپرسێکی پارتییە، هێشتا کاک عەلی گرێی دڵی خۆی بۆ ئەو بەرپرسە نەکردبووە، پێی دەڵێت، پێدەچێت من لە شوێنێک تۆم دیبێت، ئیتر کاک عەلی بێ ئەوەی قسەی دڵی خۆی پێ بڵێت، مەجلیسەکەی بۆ چۆڵ دەکات. بەڵێ، پاداشتی خەڵکانی وەک کاک عەلی بەو شێوەیە دەدرێتەوە.

دایکی دنا وەکو شێرە ژنێک و کە پاشان بۆی باس کردین لەبەر ماڵی ئێمە نەیکردە گریان و هاوار، تەنها دەستی خۆی دەگەست. نەنە گوڵچین (دایکی باوکم) کە دەیان جاری تریش بەدەستی خۆی چەندین پێشمەرگەی تیمارکردبوو، تا دەمە و بەیان بە تەنیا بەدیار تەرمی داناوە دانیشت و دوعا و پاڕانەوە و هەچی ئایەتێکی کە لەبەری کردبوو بەدرێژای ئەو تەمەنە زۆرەی بەڵام پڕ کارەساتەی کە بەسەری هاتبوو، لەبەر خۆیەوە دەیوتنەوە.

تەنها برینداربوون و شاردنەوە و تیمارکردنی دانا کۆسپ نەبوون، بەڵکو کەسێکی وا قارەمان کە شایەنی ئەوە بوو هەموو شار لە خزمەتیدا بۆ ماڵی کۆتایی خۆی بەدوایەوە بن و تاجە گوڵی ڕێزو وەفا لەسەر گۆڕەکەی دانێن، بە خاک سپاردنی لە شاردنەوە و تیمارکردنی پڕکێشەتر بوو. ئاخر ئەگەر تەرمی دانا لەلایەن ڕژێمەوە بگیرایە ئەوا دەبووە هۆی کوژرانی دەیان کەسی تریش. بەڵام گەلی کورد لەهیچ فیداکارییەک سڵی نەکردۆتەوە. کاک عومەری قەساب (ئێستا لە هەولێرە)، دراوسێمان بوو، ئەگەرچی زۆربەی گەرەک دەیزانی کە لایەنگری پارتییە بە تایبەتی کاتێک ئێوارن دوای ماندبووبونێکی زۆری دوای کارکردن، کەمێک سەری بۆ گەرم دەکردوو، لە حەوشەکەیان یانیش لەسەربانەوە کە دەیزانی ئێمە دیارین و پێمان خۆشە دەیوت "من مەلایم مەلایی". گەلێک کەس ڕەنگە وایان زانیبێ کە ئەو قسانە تەنها قسەی دوای بەتاڵ کردنەوەی شووشەی مەشروبەکانە، ئەو شتەی کە لای خۆمان ناویان ناوە "دەرمانی خەم". بەڵام ئەو شەوە کاک عومەر ئیسپاتی کرد کە کەسێکی نیشتیمان پەرەوەرو مەلاییەکی بەوەفایە. کاک کامەران ڕووی کردبووە کاک عومەر بۆ هاوکاری لە گوستنەوەی تەرمی دانا. ئەویش مەردانە هاتبووە پێشەوە. کاک عومەر پیکاپێکی هەبوو، هەموو بەیانیانێک گۆشتی لە قەسابخانە گەورەکەی شارەوە، دەگواستەوە بۆ قەسابەکان. مەلابانگدانێکی زوو، دوای ئەوەی تەرمی دانایان خستە دوای پیکابەکەی کاک عومەرەوە، بەو نایلۆنە گەورەیەی کە هەموو بەیانییەک دەیدا بەسەر ئەو گۆشتەی کە دەیبرد بۆ قەسابەکان، تەرمی داناشیان داپۆشیبوو. لە ماڵی خزمێکی دانا بە ناوی کاک حاجی بەکر، دوای ئەوەی بەشێوەیەکی ئیسلامیانە شتبوویان و کفنیان کردبوو، بەدزییەوە لە گۆڕستانی شەهیدان لە گردی سەیوان کە هەزاران شەهیدی تری لە خۆ گۆگرتووە، بە خاکیان سپاردبوو.

دوای ماوەیەک، کاک ساڵح (شاخەوان)، چەندین جار بۆ تۆڵە سەندنەوەی شەهید دانا، هەوڵی کوشتنی ئەو کەسەی کە تەقەی لە دانا کردبوو دا، بەڵام بەداخەوە بۆی نەچووە سەر. دوای ئەوەی کە جێگاو ڕێگای ئەو تاوانبارە دەدۆزێتەوە لە شاری کەرکوک، بۆ

بەسزا گەیاندنی دەیەوێت خۆی بگەیەنێتە شاری گڕ و تۆڵە، بەڵام بە داخەوە پێشتر لەلایەن بەکرێگیراوێکەوە هەموو بەرنامەکەی بە سیخوڕانی ڕژێم دەدات و لە سەیتەرەکەی کەرکوک لەلایەن پیاوانی ڕژێمەوە دەگیرێت. پاش ساڵێک لە ئەشکەنجە لە ساڵی 1985 دا لە سێدارەی دەدەن. مەگەر ئەوانەی کە لەگەڵ شەهید ساڵح دا لە زیندان بوون، بتوانن خۆڕاگری و چەلەنگی ئەو قارەمانە بگێڕنەوە.
بەڵێ، ئەمە بەسەرهاتێکە کە دڵنیام لە زۆر شوێنی تری ئەو کوردستانە پان و بەرینەدا، دوبارە بۆتەوە، ئەمە بەسەر هاتی تەنها شەوێکی شاری سلێمانیی ساڵانی هەشتایە، شەوێک کە دەبێت ببێتە جێگای شانازی، شەوێک کە نابێت تێکەڵاوی شەوانی خائینان بکرێت، بەڵێ هەر لەو شەوەدا، دڵنیام کە دەیان خۆفرۆش و بەعسی کە ئێستا هەمەکارەن لە کوردستاندا، وەکو سەگێکی برسی، بە کۆڵانەکانی شاردا وەربووبوون، تا خەڵکانی نیشتیمانپەرەوەر بخەنە بۆسەی خۆیانەوە و پاروەنانێکی سەرشۆڕانەی پێ پەیدا بکەن. من دڵنیام و لەگەڵ ڕێزم بۆ هەموو ئەوانەی کە پاک بوون و ئێستا لە حکومەتەکانی کوردستاندا کاردەکەن و دڵسۆزن، ڕەنگە دایکی دانا و دایکی دەیان شەهیدی تری ئەو وڵاتە، یان ئەوانەی کە هەموو شتێکی خۆیان بە گەل و وڵاتەکەیان بەخشی، هێندەی کۆنە بەعسیی و خۆفرۆشەکان ڕێزیان لێنەگیرێت.
من تەنها شتێک کە شکی بەرم، یادکردنەوەی دانا و هاوڕێکانی بوو، وەکو وەفایەک، خۆزگە شەهید دانا لێمان ڕازی بێت و لە کەمتەرخەمیمان ببوورێت، ئەگەر ڕۆژێکیش لەو "دنیا" یەکتریمان بینییەوە، بتوانین و ڕوومان بێت، سڵاوێکی لێ بکەین. سڵاو بۆ دایکی دانا (ناهی خان) و هەموو دایکان و هاوسەری شەهیدە سەربەرزەکانی کوردستان.